www.kurdistannet.org
10-2-2003 20:46

The Center of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
( C.H.AK )

The Center of Halabja
Nawendî Helebce
ناوەندی هەڵەبجە – مركز حلبجة
C.H.A.K چاك

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u cînosaydî gelî Kurd
مركز حلبجة
لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكردي

E-mail: antigenocide@hotmail.com

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد- چاك
Tele-Fax: 0061296100010, 003115212944б, 0035897260062: تەلەفۆن/ فاكس

---

نامەیەكی كراوە بۆ/

## سەرجەم لایەنەكانی دژ بەشەڕ لە هێزە چەپ و پێشكەوتنخوازاو دیموكراتخوازو مرۆڤدۆستەكانی جیهان

بەڕێزان

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد كە وەك ڕێكخراوەیەك، ئەركی داكۆكی كردنە لە قوربانیانـی شەڕ و كوشتاری بەكۆمەڵی گەلی كورد كە لە هەموو گەلانی دیكەی جیهان زیاتر خوازیاری ئاشتـــــی و تەباییـە و قوربانی داوە بۆ وە دیهێنانی، هە ست بە دڵسوزی ئێوە دەكەین لە بەرامبەر دژایەتی شەڕو و ویرانكاری و كوشتن و بڕینی خەلكی بێ تاوان.

ئێمە لەو كاتەیدا كە ئەم نامەیەتان ئاراستە ئەكەین بەپێویستی ئەزانین ئەوەتان وە بیر خەینەوە كە ڕژێمی دڕندەی سەددام حسین لە یەكەم ڕۆژی كرتنە دەسەلآتیەوە بە هاوكاری وولآتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاو بەریتانیا، بە هەموو شێوەیەك مافی مرۆڤی لە ئیراقدا پێشێل كردووە، بە بێ هیچ سڵكردنەوەیەك دەستی كردوە بە كوشتن وبڕینی دەیان هەزار مرۆڤی چەپ و ئازادیخواز لە كورد و عەرەب وگەلانی تری ئیراق. ڕاپورتەكانی هیومان ڕایتس ووچ و ئەمنستی ئینتەرناشینال لەو بارەیەوە بەلگەی ئەو ڕاستیانەن. مێژووی ئەو ڕژێمە خوێناوی یە بەدرێژایی 35 ساڵەی تەمەنی، مێژوی تاوانكاری و سەركوتكردن ومالویرانی وكوشتن وبڕین و توقاندنە، ئەمانەی خوارەوە تەنها چەند نمونەیەكی ئەو تاوانكاریانەن:

* بەرپاكردنی شەڕی ناوخو لە كوردستان وبەردەوام بوونی و بە بەكارهێنانی هەموو جۆرە چەكێك بە بومبای ناپاڵمەوە ( كە چەكێكی قەدەغەكراوە) بەسەر خەڵكی بێ تاوانی شارو لادێكانی كوردستان، كە بوە هۆی كوشتنی هەزارەها كەسی بێ تاوان.

* ئەنفالكردنی ناوچەكانی كوردستان لە ساڵی 1988 كە لە ئەنجامدا پتر لە 182000 مرۆڤی سڤیلی بێ تاوان بێ سەرو شوین كران، تەنها بە تاوانی كورد بونیان و بوە هۆی لە ناوبردنی 4500 شار و شارۆچكە لە گەڵ بەكارهینانی چەكی بە كۆمەلكوژی كیمیاوی بەسەر گەلی كورد دا لە ناوچەكانی كوردستان و بەتایبەت لە شاری هەڵەبجەدا كە بوە هۆی كوشتنی پتر لە پێنج هەزار كەسی ( كە زوربەیان منالٚ وژن وپیر بوون) و پتر لە 12000 پەكەوتووی بەجێهێشت لە ماوەی 4 سەعاتدا.

* بەرپاكردنی سیاسەتی شوڤینیانەی پاكتاوكردنی ڕەگەز بە بەعەرەبكردن و ڕاگواستنی خەلكی شارەكانی كوردستان بە تایبەت شارەكانی كەركوك وخانەقین وسنجار.

* ڕژێمی دكتاتوری هەر لە سەرتای دەسەلآتگرتنیەوە بێ ووچان كەوتە سەركوتكردنی هەموو هیزو گروپ و كەسانی چەپ و دیموكراتخواز بە ئیعدامكردن و زیندانیكردنی هەزاران لێیان.

* وشك كردنی زەلكاوەكانی باشوری ئیراق كا سەرچاوەی ژیان و دەرامەتی خەلكی ئەو ناوچانەیە و بە كۆمەلٚ كوشتنی دانیشتوانی شارەكانی باشوری ئیراق بە تایبەت دوا بە دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991

* داسەپاندنی دوو شەڕی مالوێرانكاری بەسەر گەلانی عیراق وناوچەكە، شەڕ لە گەل ئیران لە ساڵانی 1980–1988 و شەڕی ئەنجامی داگیركردنـــی كوەیت لە ساڵی 1991

* دەركردنی پتر لە سەدان هەزار ئیراقی لە كورد وعەرەب و دەستبەسەرگرتنی ماڵ و سامانیاندا بەبیانوی نا ئیراقی بوونیان كە ئەوانە لە 50 ساڵ زیاترە لەو وولآتەدا ئەژێن.

* تاوانی شاردنەوەی هەزاران كوردی فەیلی و سەرنگونكردنی 8000 بارزانی كە تا ئێستاش بێ سەرو شوێنن.

* ئاوارەكردنی پتر لە 3 ملیون هاوولآتی ئیراقی بە وولآتانی جیهان كە بە هۆی سیاسەتی توندو تیژی و تۆقاندنی ڕژێمی سەددامەوە هەڵهاتوون.

بەڕێزان، ڕژێمی دکتاتۆری سەددام داهاتی وولاّتێکی خاوەن سامانی وەك ئێراقی تەرخان کردبوو بۆ دامەزراندنی گارگەی چەکی جوراوجۆر بە تایبەتی چەکی قورس و کیمیاوی، بێ گوومان بە هاوکاری وولاّتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کە ئێستا هەڕەشەی شەڕی ئێراق ئەکات. وبەرهەمی کارگەکانی چەکیش بۆ بەرگری لە خەڵکی ئێراق نەبوون، بەڵکو تەنها بۆ دژایەتی خەڵکی ئێراق و گەلانی دراوسێی بوون، ئەو تاوانانەی کە لەو خالأنەی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراون بەلگەی ئەو ڕاستیانەن.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانین، ئەگەر بەڕاستی بەرژەوەندی خەلکی ئێراق مەبەستتانە لە هەلۆێستی دژ بە شەڕ، ئەوا داواتان لێ ئەکەین کە دژ بە ڕژێمی دکتاتۆری سەددام بوەستنەوە و داکۆکی لە خواستی گەلی ئێراق بکەن و دروشمی لە ناوبردنی دەسەلاّتی ڕەشی ئەو ڕژێمە خوێنڕێژە و دادگایکردنی بەرپرسیارانی ئەو تاوانکاریانە بەرز بکەنەوە.

با دروشمی هەمووومان بەم شێوەیە بێت:

نا بۆ شەڕ. . . . . . نا بۆ دیکتاتۆری

بەڵێ بۆ دادگایکرن و سزادانی سەرانی ڕژێمی ئێراق

هیوای سەرکوتنتان ئەخوازین لە پێناوی ئاشتی و دادپەروەری و یەکسانی لە جیهان

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد.

**لە خوارەوە چەند وێنەیەك کە نموونەی تاوانەکانی سەددام ئەخاتە ڕوو:**







